# بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی‌و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی

## ڕێبەری (سیاسەتی میدیایی)و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن

لە ڕوانگەی گرنگی‌و گەورەیی ڕۆڵی میدیا وەك یەكێك لە دەسەڵاتە کاریگەرەکان لە کۆمەڵگەدا، هەروەها لەپێناو باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمانو بەڕێوەبەرایەتییەکانی تری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمانو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانو پابەندبوون بە هاوکاریکردنی ڕۆژنامەنووسانو پەیڕەویکردن لە شەفافییەت لە بەڕێوەبردنو مامەڵەکردنی پیشەییانە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەم ڕێبەرەی سەبارەت بە (سیاسەتی میدیایی) دەرچوواند.

### بەشی یەکەم/ پێناسەکان:

لە هەر شوێنێك ئەم زاراوانە بەکارهاتبن، مەبەست لەو مانایانەیە کە بەرانبەریان نووسراوە:

1. بەڕێوبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری‌و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپارێزگای سلێمانی.
2. بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی شارەکانو تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی سلێمانی‌و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامانی سلێمانی.
3. ماڵەکان: ماڵی ساوایان، ماڵی نەوجەوانانی کوڕان، ماڵی نەوجەوانانی کچان، ماڵی بەساڵاچووان، ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو.
4. پەیمانگاو سەنتەر: پەیمانگاو سەنتەرەکانی (هیوای نابیستان، ڕووناکی بۆ نابینایان، هانا بۆ ڕاهێنانی پیشەیی کەمئەندامان، ئاوات بۆ پەروەردەی مێشك، ئۆتیزم).
5. سودمەندان: سەرجەم منداڵانو نەوجەوانانو بەساڵاچووانو ژنان و کچان کە لە ماڵەکانی منداڵانو بەساڵاچووانو ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو نیشتەجێن.
6. دەزگای میدیایی: هەر دەزگایەك کە لەبواری ڕاگەیاندن کاردەکاتو زانیاریی بۆ هاووڵاتیانو ڕای گشتی بڵاو دەکاتەوە لە هەرسێ بواری (نووسراو، بیستراو، بینراو).
7. ڕۆژنامەنووس: هەر کەسێك کار بۆ دەزگایەکی میدیایی بکات.

### بەشی دووەم/ ئامانجە گشتییەکانی سیاسەتی میدیایی:

1. ڕێکخستنی سیاسەتی میدیایی‌و یەکخستنی لێدوان لەسەر پلانو کارو چالاکی‌و زانیارییە پێویستەکان بۆ هاووڵاتیان.
2. تێك نەگیرانی لێدوانەکانو نەخستنەڕووی زانیاریی پێچەوانە بۆ هاووڵاتیانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
3. مامەڵەی زانستیانەو پیشەییانە لە ڕووی زانستەکانی کۆمەڵایەتی‌و دەروونییەوە لەگەڵ سودمەندانو پاراستنی دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەو نهێنیی کەسی ئەو کەسانەی سودمەندی دامەزراوەی کۆمەڵایەتین.
4. هاوکاریکردنی ڕۆژنامەنووسانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنو کارئاسانی بۆیان لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.
5. پەیڕەویکردن لە شەفافیەتو ڕوونی لە بەڕێوەبردندا.

## بەشی سێیەم/ سیاسەتی میدیایی بۆ بەڕێوەبەرێتییەکان:

1. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان یان ئەو کەسانەی ڕایاندەسپێرن مافی لێدوانو نوێنەرایەتیکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانیان هەیە لە ئاستی سنوری کارو دەسەڵاتی خۆیانو لە چوارچێوەی زانیارییەکانیاندا.
2. لە کاتی لێدوانەکانو ئامادەبوون لە سیمینارو کۆڕو ۆرك شۆپو بۆنەکاندا، بەڕێوەبەر یان ئەو کەسانەی ڕایاندەسپێرن پابەندن بە یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکانو بڕیارەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێرییو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە.
3. لە کاتی بەشداریکردن لە دیداری ڕۆژنامەنووسی، یان بەشداری لە بەرنامەی میدیایی (تەلەفزیۆنی یان ڕادیۆیی) وەك نوێنەری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە پێشوەختە مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەربگیرێت لە ڕێگەی هۆبەی ڕاگەیاندنەوە (بە نووسراو یان هەر ڕێگایەکی تر پێویست بکات)، پاشان وێنەیەك لە بەشدارییەکە ئاراستەی هۆبەی ڕاگەیاندن بکرێت بۆ ئەرشیفکردنی.
4. هەر لێدوان یان بەشدارییەك پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی کاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یان بەڕێوەبەرایەتیی گشتییەوە هەبێت، پێویستە بیگێڕنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتییو بەهیچ جۆرێك بەناوی دامەزراوەکانی سەرو خۆیانەوە، بەڕێوەبەرو بەرپرسی هۆبەکان لێدوان نەدەن.
5. بەپێی چوارچێوە یاساییەکانو ڕێنماییە کارپێکراوەکان، دایەنگەکان بۆیان هەیە کاروچالاکی خۆیان ڕێکبخەنو بەو جۆرەی پێویست دەکاتو لەگەڵ تایبەتمەندییاندا دەگونجێت مامەڵە لەگەڵ میدیاکاندا بکەن بەتایبەت بە ڕەچاوکردنی تەواوی بڕگەکانی بەشی شەشەمی ئەم ڕێبەرە.

## بەشی چوارەم/ سیاسەتی میدیایی بۆ پەیمانگاو سەنتەرەکانی پەروەردەو ڕاهێنان:

1. بەشداریکردن لە هەرجۆرە ڕاپۆرتو بە دواداچوونێکی میدیایی (چاپو ئەلیکترۆنی، تیڤی، ڕادیۆ) بە کورتە لێدوان، پێویستە پێشتر ئاگاداری هۆبەی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت لەڕێگەی زنجیرەی پەیوەندی کارگێڕییەوە.
2. لە کاتی بەشداریکردن لە دیداری ڕۆژنامەنووسی نووسراو یان ئەلیکترۆنی، یان بەشداری لە بەرنامەی میدیایی (تەلەفزیۆنی یان ڕادیۆیی)، واتە بەرنامەی ماوە درێژ (زیاتر لە 10دەقیقە)، پێویستە پێشوەختە مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەربگرن لە ڕێگەی هۆبەی ڕاگەیاندنەوە (بە نووسراو یان هەر ڕێگایەکی تر پێویست بکات)، پاشان وێنەیەك لە بەشدارییەکە یان چالاکییەکە ئاراستەی هۆبەی ڕاگەیاندن بکرێت بۆ ئەرشیفکردنی بەپێی توانا.
3. لەکاتی بەرنامەی میدیایی یان چالاکییەکاندا پێویستە :

أ. دەرکەوتنی قوتابیانو منداڵان تەنها لەو کاتانەدا بێت کە حاڵەتێکی ئەرێنییەو دەرخستنی چالاکیو بەهرەو تواناو بیرەوەرییو بابەتی تەرفیهیە.

ب. لەو کاتانەی بەرنامە یان چالاکییەکە وەك کەیس (حاڵەت)ێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، یان لایەنی نەرێنی پیشاندەدرێت، نابێت بەهیچ جۆرێك خوێندکارانو منداڵان پیشانبدرێنو بەهیچ جۆرێك بەکاربهێنرێن لەبەرنامەی میدیاییدا.

4. دەکرێت وێنەی شوێنی مانەوەو خوێندنو ڕاهێنانو خواردنو یارییو هەموو پێویستییەکانی تری ژیانیان بە هاوڕێیەتی توێژەرێك یان کارمەندێك پیشانبدرێتو وێنە بگیرێت.
5. بەرپرسانی پەیمانگاو سەنتەرەکانو توێژەرانو مامۆستایانو کارمەندان ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە چوونە دەرەوەی هەر زانیارییەکی کەسیو تایبەتی منداڵانو قوتابیان بۆ دەرەوەی سەنتەرو پەیمانگا.
6. لە کاتی بەڕێوەبردنی چالاکی و بەرنامە میدیاییەکانیاندا، پەیمانگاو سەنتەرەکانی منداڵان پێویستە ڕەچاوی بڕگەکانی بەشی شەشەمی ئەم ڕێبەرە بکەن.

## بەشی پێنجەم/ سیاسەتی میدیایی بۆ ماڵەکان:

1. ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو:

أ. بەپێی یاساکانی کارکردنی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو، لە پێناو سەلامەتی گیانی کەیسەکاندا، لێدوانو بلاوکردنەوەی زانیاریی لە هەموو بەرپرسو کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیو هۆبەو بەشەکانو بەتایبەت کارمەندانی ماڵی داڵدەدان قەدەغەیە، لەوەش زیاتر کارمەندان پابەندکراون بە پڕکردنەوەی بەڵێننامەی پاراستنی نهێنی زانیاریی لەسەر ماڵەکەیان و سودمەندانی.

ب. هیچ کەسێك لە کارمەندانو بەرپرسانی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆی نییە هیچ زانیارییەك بۆ هیچ دامەزراوەیەکی میدیایی یان نا میدیایی بدرکێنێت بەرپرسیارییەتییەکەی هەرچی بێت.

ج. هەرجۆرە زانیارییەك کە پێویست بکات دامەزراوە میدیاییەکان بیزانن بۆ ڕای گشتی بلاوبکرێتەوە، تەنها لە ڕێگەی هۆبەی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان ئەو کەسەی بەڕێوەبەری گشتی ڕایدەسپێرێت دەبێت بە ئاگاداری تەواوی بەڕێوەبەری گشتی، ئەوەش لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکانو پەیڕەوی کارکردنو بەڕێوەبردنی ماڵی داڵدەدانەوە.

2. ماڵەکانی مندالآن (ساوایان، نەوجەوانانی کوڕان، نەوجەوانانی کچان):

أ. بەشداریکردن لە هەرجۆرە ڕاپۆرتو بە دواداچوونێکی میدیایی (چاپو ئەلیکترۆنی، تیڤی، ڕادیۆ) بە کورتە لێدوان، پێویستە پێشتر ئاگاداری هۆبەی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت لەڕێگەی زنجیرەی پەیوەندیی کارگێڕییەوە بە تەلەفوون یان پەیوەندی ئەلیکترۆنی.

ب. لە کاتی بەشداریکردن لە دیداری ڕۆژنامەنووسی نووسراو یان ئەلیکترۆنی، یان بەشداری لە بەرنامەی میدیایی (تەلەفزیۆنی یان ڕادیۆیی)، واتە بەرنامەی ماوە درێژ (زیاتر لە 10دەقیقە)، پێویستە پێشوەختە مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەربگیرێت لە ڕێگەی هۆبەی ڕاگەیاندنەوە (بە نووسراو)، پاشان وێنەیەك لە بەشدارییەکە ئاراستەی هۆبەی ڕاگەیاندن بکرێت بۆ ئەرشیفکردنی بەپێی توانا.

ج. لەکاتی بەرنامە میدیاییەکاندا یان چالاکییەکاندا پێویستە:

- دەرکەوتنی مندالآن تەنها لەو کاتانەدا بێت کە حاڵەتێکی ئەرێنییەو دەرخستنی چالاکیو بەهرەو توانایە.
- لەو کاتانەی بەرنامە یان چالاکییەکە وەك کەیسێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، یان لایەنی نەرێنی پیشاندەدرێت، نابێت بەهیچ جۆرێك منداڵەکان پیشانبدرێنو بەهیچ جۆرێك بەکاربهێنرێن تەنانەت بە داپۆشینی دەم و چاویش.

د. دەکرێت وێنەی شوێنی مانەوەو خواردنو یارییو هەموو پێویستییەکانی تری ژیانیان بە هاوڕێیەتی توێژەرێك یان کارمەندێك پیشانبدرێتو وێنە بگیرێت.

ه. بەرپرسی ماڵو توێژەرو کارمەندان ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە چوونە دەرەوەی هەر زانیارییەکی کەسیو تایبەتی سودمەندان بۆ دەرەوەی ماڵەکانی مندالآن یان هەر زانیارییەك زیان بە سەلامەتیو ژیانی سودمەندان بگەیەنێت.

3. ماڵی بەساڵاچووان:

أ. بەشداریکردن لە هەرجۆرە ڕاپۆرتو بە دواداچوونێکی میدیایی (چاپو ئەلیکترۆنی، تیڤی، ڕادیۆ) بە کورتە لێدوانی بەرپرسان، پێویستە پێشتر ئاگاداری هۆبەی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت لەڕێگەی زنجیرەی پەیوەندی کارگێڕییەوە بە ڕێگەی تەلەفوون یان ئەلیکترۆنی.

ب. لە کاتی بەشداریکردن لە دیداری ڕۆژنامەنووسی نووسراو یان ئەلیکترۆنی، یان بەشداری لە بەرنامەی میدیایی (تەلەفزیۆنی یان ڕادیۆیی)، واتە بەرنامەی ماوە درێژ (زیاتر لە 10دەقیقە) چ لە ستۆدیۆ یان لە ماڵی بەساڵاچووان،

پێویستە پێشوەختە مۆڵەت لە بەرێوەبەرایەتی گشتی وەربگرن لە رێگەی هۆبەی راگەیاندنەوە (بە نووسراو)، پاشان وێنەیەك لە بەشدارییەکە یان چالاکییەکە ئاراستەی هۆبەی راگەیاندن بکرێت بۆ ئەرشیفکردنی بەپێی توانا.

ج. لەکاتی بەرنامەی میدیایی یان چالاکییەکاندا کە مۆڵەتی پێدراون، پێویستە ڕەچاوی ئەم دوو خاڵە بکرێت:

- دەرکەوتنی سودمەندان تەنها لەو کاتانەدا بێت کە حاڵەتێکی ئەرێنییەو دەرخستنی چالاکیو بەهرەو تواناو بیرەوەرییو بابەتی تەرفیهیە.
- لەو کاتانەی بەرنامە یان چالاکییەکە وەك کەیسێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، یان لایەنی نەرێنی پیشاندەدرێت، نابێت بەهیچ جۆرێك بەساڵاچووان پیشانبدرێنو بەهیچ جۆرێك بەکاربهێنرێن لەبەرنامەی میدیاییدا.

د. دەکرێت وێنەی شوێنی مانەوەو خواردنو کات بەسەربردنو وەرزشو هەموو پێویستییەکانی تری ژیانیان بە هاوڕێیەتی توێژەرێك یان کارمەندێك پیشانبدرێتو وێنە بگیرێت.

ه. بەرپرسی ماڵو توێژەرانو کارمەندان ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە چوونە دەرەوەی هەر زانیارییەکی کەسیو تایبەتی سودمەندان بۆ دەرەوەی ماڵ.

## بەشی شەشەم/ چەند بنەمایەکی گشتی بۆ پاراستنی منداڵ لە کاتی چالاکی میدیاییدا:

لە کاتی بەڕێوەچوونی چالاکییەکی میدیایی مۆڵەتپێدراودا، کە منداڵ تیایدا ڕۆڵی هەبێت، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

1. بنەماکان بۆ منداڵانی دایەنگەو پەیمانگاو سەنتەرەکان و قوتابخانەکان و هەر منداڵێکی تر کە لە ژیانێکی ئاساییدا دەژی:

أ. لە کاتی ئامادەکردنی هەر بەرنامەیەکدا بۆ بەشدارپێکردنی منداڵ یان بابەتێک کە پێشکەش بە منداڵ دەکرێت، پێویستە هیچ جۆرە جیاوازییەک نەکرێت و ئاماژەیەک نەبێت بۆ جیاوازیکردن لەسەر بنەمای ڕەنگی منداڵ، جیاوازی، ناشیرینی، باکگراوندی ڕۆشنبیری، ئاین، ڕەگەز، پاک و خاوێنی، دەوڵەمەندی، هەژاری، ڕەچەڵەک، یان هەر هێماو نیشانەیەکی تر کە گوزارشت لە جیاوازیکردن بکات.

ب. پێویستە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ دەستەبەری پاراستنی شکۆی منداڵ بکرێت و لە هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی مامەڵەی خراپی توندوتیژی بپارێزرێت، لە کاتی ئامادەکردنی هەر بەرنامەو چالاکیەکدا ژینگەیەکی ئارام و سەلامەت و شایستە بۆ منداڵ بڕەخسێنرێت دوور لە هەموو مەترسییەک، هەموو ئامادەکارییەکیش بکرێت بۆ سەلامەتی تەندروستی منداڵ وەک فریاگوزاری سەرەتایی.

ج. ڕەزامەندی منداڵ وەربگیرێت بە زارەکی یان بە نووسراو، ڕەچاوی ئارەزوو ویستی بەشداریکردنی منداڵ بکرێت، کاتێک منداڵ ناخوازێت بەشداری بکات، شێوازی زۆر لێکردن بەکار نەهێنرێت بۆ بەشدارپێکردنی لە چالاکییەکاندا، ( لە وەرگرتنی ڕەزامەندی منداڵدا ڕەچاوی تەمەن بکرێت، بەتایبەت لە خوار تەمەنی پێنج ساڵەوە ڕەزامەندی بەخێوکار وەربگیرێت) یان ئەو لایەنەی بەرپرسە لە سەرپەرشتی و بەخێوکردنی منداڵ.

د. ڕۆڵ و ئەرک و بەرپرسیارێتی بەخێوکار بەهەند وەربگیرێت لە ڕێی:

- پێویستە لە بەشداریپێکردنی منداڵدا لە هەر چالاکییەک و بەرنامەیەکدا ڕەزامەندی بەخێوکار وەربگیرێت، ڕەزامەندییەکەش باشترە بە نووسراوبێت و لە کات و شوێن و شێوازی چالاکییەکانیش ڕوون بکرێتەوە بۆ بەخێوکاران. نابێت بۆ وەگرتنی ڕەزامەندی وەک بەخشیش یان دیاریی یان هەر شتێکی تر بەکاربهێنرێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندییان.
- نابێت کار لەسەر ناشیرینکردن و کەمکردنەوەی شکۆی بەخێوکاران بکرێت لە کاتی ڕوودانی خراپ مامەڵەیەکدا بەرانبەر بە منداڵەکانیان، بە پێچەوانەوە کار لەسەر بونیاتنان و بەهێزکردنی خێزان بکرێت بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ.

ه. پێویستە دوور بکەوینەوە لە بیرو هزری منداڵ بە رانبەر بە ئایدۆلۆجیاو سیاسەتێکی دیاریکراوی لایەنێک یان گروپێک یان دەستەیەک، هەموو چالاکییەکان لە پێناو گەشەپێدانی تواناکان و بەهرەکان و خۆشگوزەرانی منداڵدا بێت.

و. باشترە کاتێک مامەڵە لەگەڵ منداڵدا دەکەین، لە هەموو جۆرە بەرکەوتن و دەستلێدانێک دوور بکەوینەوە، جگە لەو دۆخانەی کە پێویستە ئەویش لە ژێر چاودێری وردی بەرێوەبەرو ئامادەکاری بەرنامە یان ئەنجامدەری ئەو کەسەی کە چالاکییەکە بە منداڵ دەکات لە بوارە جیاوازەکاندا.

ز. لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا پرسیارەکان سادەو ڕوون بن، وەڵامەکانیان لە ئاستی تواناکانی منداڵدا بێت، داوای ڕاوبۆچوونێک لە منداڵ نەکرێت کە توانای دەربڕینی نییە.

ح. وردەکاری زانیارییەکانی کەسیی ئەو منداڵانە کە بەشدار دەبن لە بەرنامەکاندا پارێزراوبێت.

2. بنەماکان بۆ ئەو منداڵانەی لە دۆخێکی نا ئاساییدان:

أ. پێویستە دوور بکەوینەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڤیدیۆو وێنانەی کە منداڵ یان خێزان و کەس و کارەکەی دەخاتە مەترسییەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پەنا نەبرێت بۆ شێواندنی وێنە یان ڤیدیۆ یان جێگرەوەکانیان، گۆڕینی وێنەو ناونیشان تەنها بۆ ئەو حاڵەتانە بێت کە بەهیچ شێوەیەک مەترسی دروست نەکات بۆ منداڵەکەو خێزانەکەی.

ب. لەکاتێکدا ڕاپۆرتێک ئامادە دەکەیت دەربارەی ئەو منداڵانەی کە قوربانی جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژین بە تایبەت توندوتیژی سێکسی یان ئەو منداڵانەی کەتێکیان ئەنجامداوە یان تێوەگلاون یان پەرتەوازەن یان تووشبوون بە نەخۆشییەکانی ڤایرۆسی، لەم حاڵەتانەدا پێویستە ناوو ناونیشان و وێنەو ڤیدیۆی منداڵ پیشان نەدرێت و بپارێزرێت، دەتوانرێت ناوو ناونیشان و وێنەی جێگرەوە بەکاربهێنرێت، دوای ئەوەی کە تەواو دڵنیا دەبیت ئەم گۆڕانکارییانەش مەترسی دروست ناکات بۆ منداڵ و نەوجەوانەکە.

ج. لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی هەواڵیدا دەربارەی حاڵەکان پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان ڕاوێژ بەو کەس و لایەنانە بکەین کە نزیکن لە منداڵەکەوە، چونکە ئەوان باشترین سەرچاوەی زانیاری دروستن بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئەو حاڵەتانە.

د. پێویستە لە هەموو چالاکییەک و ڕەفتارێکدا پاراستنی بەرژەوەندی باڵای منداڵ پێشینەی کارو چالاکی و بڕیارەکانمان بێت، وەک وەرگرتنی ڕا یان ڕاوێژکردن بە منداڵان خۆیان بە تایبەتی لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە منداڵان خۆیانەوە هەیە، چالاکییەکانمان سەرچاوەیەک بێت بۆ بەهێزکردنی پاراستنی منداڵ و مافەکانی.

## بەشی حەوتەم/ پابەندییەکانی ڕۆژنامەنووسانو پەیامنێرانی کەناڵو دەزگاکانی ڕاگەیاندن:

هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن، یان ڕۆژنامەنووسو پەیامنێرێك، بیەوێت بەرنامە یان هەر کارێکی میدیایی لە ماڵەکانو سەنتەرەکان ئەنجامبداتو بەرهەمەکە زیاتر بێت لە 10 دەقیقە، پێویستە لە بەشی یاسای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڵێننامەیەك پڕبکاتەوە کە پابەندە بەم سیاسەتە میدیاییەوەو بەهیچ جۆرێك ئەو زانیاریانەی دەستی دەکەون بۆ مەبەستی تر (بێجگە لە ڕاگەیاندنو کاری پیشەیی) بەکار ناهێنێت.

## بەشی هەشتەم/ هاوکاریو کارئاسانی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن:

1. لەسەر هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانو بەرپرسانو بەڕێوەبەرانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانو کارمەندان پێویستە هاوکاری ڕۆژنامەنووسانو دەزگا میدیاییەکان بن بەبێ جیاوازیو دوور لە دەمارگیریی حزبیو سیاسیو حسابکردن بۆ ئەوەی ئەو دەزگا میدیاییە زمانحاڵی چ حزبو لایەنێکە، ئەوەش لە چوارچێوەی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیو پەیڕەویکردن لە بنەماکانی مافی مرۆڤو پابەندبوون بە بڕگەو ناوەڕۆکی ئەم سیاسەتە میدیاییەوە.
2. ئەم سیاسەتە میدیاییە بەهیچ جۆرێك ڕێگە لە کارمەندانو توێژەرانو بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیو بەڕێوەبەرایەتییەکانی تر ناگرێت کە وەك خودی خۆیانو بەناوی خۆیانەوە هەر چالاکییەکی ڕۆشنبیریی یان میدیایی یان ڕێکخراوەیی لە دەرەوەی کاتی دەوامی فەرمی و لە دەرەوەی فەرمانگە ئەنجامبدەن بەمەرجێ زانیارییە تایبەتییەکانی فەرمانگەکان بپارێزنو زانیاریی کەیسەکان بەکار نەهێنن لە گفتوگۆو چالاکییەکەدا.

## تێبینی:

ئەم ڕێبەرە پەسەندکرا لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت، بە سەرپەرشتی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیو ئامادەبوونی ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرانو توێژەرانو بەرپرسانو یاساناسانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێرییو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی لە بەرواری (١٥ی ١٢ی ٢٠١٥)، هەروەها پاش وەرگرتنی بۆچوونی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان و هێندێک بۆچوونی تری زانستی لە بەرواری (١٩ی ٥ی ٢٠١٩) هەموار کرایەوە.

**عومەر عەبدوڵڵا فەتاح**

**بەڕێوەبەری گشتی**

١٩ی ٥ی ٢٠١٩